# کۆچ و تاراوگە
# لە شیعری شاعیرانی کورد دا
## "مەولانا خالید، نالی، حاجی قادر، پیرەمێرد، شێرکۆ بێکەس" بە نموونە

**پ. د. حەمە نووری عومەر کاکی**
بەشی کوردی / کۆلێجی زمان / زانکۆی سلێمانی
hama.omer@univsul.edu.iq

**پوختە**

شیعری لیریکی کلاسیکی فرە بابەتە، یەکێك لەو بابەتانەی، کە پێوەندی بە ژیانی شاعیرانەوە بووە، کۆچکردنە لە نیشتمان و وڵاتی خۆیان و ماوەیەك لە تاراوگە ژیانیان بەسەربردووە. لە نموونەی شیعریی هەندێك لە شاعیرانی کورددا بە تایبەتی مەولانا خالید، نالی، حاجی قادری کۆیی، پیرەمێرد، شێرکۆ بێکەس، کە توێژینەوەکە تایبەتە بە دیاردەی کۆچ لە ژیانی ئەو شاعیرانەدا، هەروەها لایەنی غوربەت و نەستەلۆژیا لە شیعرەکانیاندا وەك دیاردەیەك، لە توێژینەوەکەدا تاوتوێکراوە، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری پەسنی بۆ دەقە شیعرییەکان پێڕەوکراوە، لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا چەند ئەنجامێ بەدەستهاتوون، لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك دیاری کراون.

**وشە سەرەکییەکان:** ئاوارەیی، کۆچ و کۆچبەری، غوربەت، نەستەلۆژیا، نیشتیمان.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە بابەتی کۆچ و لێکۆڵینەوە لە تێکستی شیعریی چەند شاعیرێك بەنموونە، کە باس لە دیاردەی کۆچ و کۆچبەری دەکەن. وەك دەبینرێت تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، نووسین بە پەخشان دەگمەن و لاواز بوو، ئەگەر لێرە و لەوێ شتێکی کەم لە بواری زانستی مێژوو و جوگرافیا و کۆمەڵایەتی و زمان و ئایین و ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی لە ڕووی سیاسییەوە نووسرابێت ئەوا بەشیعر مەبەستەکانیان دەربڕیوە. بەواتایەکی دی ئەرکی شیعر تەنیا لیریکی نەبووە، واتە بە تەنیا ڕۆڵی وێژەیی و ویژدانی لە دەربڕینی هەست و سۆز و خۆشەویستیدا نەبووە، بەڵکو سەرباری ئەوە، شیعر مەیدان و کەناڵێك بووە بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لە بابەت و کایە زانستی و مەعریفییەکانی دیکەش، وەك: (ئەحمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٧) لە داستانی مەم و زینەکەیدا گەلێك بابەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەشیعر تۆمارکردووە، سەرباری ئەوانەش بیرو بۆچوون و تێڕامانی خۆی بۆ هەر یەك لەو بابەتانە خستۆتە ڕوو.

دواتر لە هەندێك پارچە شیعری مەولانا خالیدی نەقشبەندی و نالی و سالم و کوردی و مەحوی و حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و...هتد دا گەلێك لەو بابەتە مێژووییانە بەدیدەکرێن، ئەمە جگە لەوەی زۆر لەو شاعیرانە بە شێوەیەك لە شێوەکان باسیان لە کۆچ و بەجێهێشتنی وڵاتیان کردووە، هەروەها بابەتی غوربەت و ئاوارەیی و تەنانەت باری دەروونی غەریبان و دیاردەی نەرێنی و ئەو نەخۆشییە دەروونییانەی، کە تووشی ئاوارە و غەریبان دەبێت، لە بەرهەمی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئەم سەردەمەشدا دەبینرێت. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری پەسنی بۆ دەقە شیعرییەکان پێڕەوکراوە، لەکۆتاییدا بە چەند خاڵێك ئەنجامی توێژینەوەکە دیاریکراوە و ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ بینراون بەپێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی ڕیزبەند کراون.

## کۆچی چەند جارەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی شارەزووری (١٧٧٦ – ١٨٢٧زاینی)

لەو شاعیر و کەسایەتییە ناودارانەی، کە بۆ چەند جارێك و لەماوەی جیاجیادا زێدگە و وڵاتەکەی بە جێهێشتووە و لە دوورەوڵاتی ژیانی بەسەر بردووە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە.

مەولانا خالید جگە لەوەی، کە وەك شتێکی ئاسایی بۆ (پەرەپێدانی ئاستی خوێندەواریی خۆی شوێنە جیاجیاکانی کوردستان گەڕاوە، سەرئەنجام لە شاری سنە جێگیر دەبێت و لە ساڵی ١٢١٣ ی کۆچی ١٧٩٨ ی زاینی دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. جارێکی دیکە لە ساڵی ١٢٢٤ کۆچی، ١٨٠٩ زاینیدا لە ڕێگەی ئێرانەوە ڕوو لە هیندستان دەکات. (بەرزنجی، ٢٠٠٩،١٢) هەروەك مەولانا خۆی دەڵێت: بەهۆی خولیای خوێندن و فێربوون و وەرگرتنی زانستی ڕوو لە وڵاتەکانی غەزنە و کابول و هیندستان و قەندەهار دەکات، وەك لەم دێڕەدا دەڵێت:

**پێم بڵێن (خالید) ئەگەر تۆ شێت نەبی و ســـەحرانەوەر**
**تۆ لە کوێ و غەزنەین و کابوڵ،خاکی هیند و قەندەهار**

(پیرەمێرد، ١٩٧٨، ٥٠)

کەواتە مەولانا (دوای گەشتێکی دوورودرێژ بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایەی بەرز لە تەسەوف و ئیرشاددا بەتایبەتی ڕێبازی نەقشبەندی و شارەزایی لە تەریقەت و ڕێبازەکانی دیکەی تەسەوفی قادری و سوهرەوەردی و کوبرەوی و چەشتی، لە لایەن ئوستادەکەیەوە موژدەی گەیشتن بە پلەی بەرزو باڵای سۆفیگەری لە ڕێبازی نەقشبەندیدا پێدەدرێت و فەرمانی پێدەدات، کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، جارێکی تر لە ڕێگای ئێرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و سەرنجی هەموو لایەك بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، بە جۆرێك لە

وڵاتانی دووریشەوە زانایان و گەورە پیاوان دەهاتن بۆ زیارەت و بەهرە وەرگرتن لە دیداری. کە ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە بایسی ئێرەیی پێبردن و هەڵگیرسانی ئاگری حەسادەت لە دڵی چەند کەسێکی هاوزمان و هاوشاری خۆیدا و کەسانی دووزمان و فیتنەگێڕ دەکەونە نێوان و ئەوەندەی تر ئەو ئاگری ناحەزییە خۆشدەکەن، مەولاناش لەبەر کوژاندنەوەی ئەم ئاگرە و لە پێناوی برەودانی زیاتر بە پەیامەکەی دوای شەش ساڵ ئیرشاد لە سلێمانی ڕۆژی ١٠/٢٥/ ١٨٢٠ی زاینی ڕووەو بەغدا کۆچ دەکات (بەرزنجی، ٢٠٠٩، ١٢-١٣) میستەر ڕیچ لە گەشتەکەیدا ئەو کۆچەی مەولانای بەم شێوەیە نووسیوە:

ئەم بەیانییە شێخ خالیدی بەناوبانگ لە سلێمانی هەڵهات. هەڵهاتنەکەی نهێنیی و بە پەلە بوو، هێشتا نەزانراوە بەرەو کوێ ڕۆیشتووە! چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە پلەیەکی بەرزتر لە عەبدولقادر دایاندەنا. پاشا عادەتی بوو لەبەردەمیدا ڕادەوەستا و تووتنی دەکردە قلیانەکەیەوە، کەچی ئەمڕۆ پێیدەڵێن کافر و قسەی زۆر لەبارەی فیز و کافری و زەندیقییەوە باس دەکەن. لەبارەی هۆی هەڵهاتنی، قسەی جۆراوجۆر دەکرێت. هەندێک دەڵێن: دەستی کردبوو بە ئاژاوە نانەوە لە نێوان پاشا و براکانیدا و هەندێکی تریش دەڵێن: دەستی کردبوو بە دانانی بناغەی مەزهەبێکی نوێ و دەیویست خۆی بکات بە گەورەی دنیایی وڵاتەکە. لە دوای یەك دوو ڕۆژ دەردەکەوێت، کە ڕووەو بەغدا کۆچی کردووە .(ڕیچ،٢٠٠٢، ٢٨٨) لەوێش بۆ ماوەی دووساڵان خەریکی تەدریس و ئیرشاد و پەروەردەکردنی موریدان دەبێت و هاوینانیش دەگەڕێتەوە بۆ کوێستانەکانی هەورامان. کەواتە هۆی کۆچکردنی مەولانا لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا، هۆکارێکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵی کوردەواری و تاڕادەیەك مۆتیفی ئاینی و ململانێی نێوان ڕێبازە سۆفیگەرییەکان بووە، کە ژیانی ئەو زانا گەورەیان بەشێوەیەك تێکداوە، کە نەتوانێت لە سلێمانی بە ئاسوودەیی بژی و

ناچاربێت کۆچ بکات بۆ بەغدا. هەروەها لە (ساڵی ١٢٣٨ ی کۆچی ١٨٢٣ ی زاینیدا، شاری بەغدا بەجێدەهێڵێت و کۆچ دەکات بۆ شام لە شاری دیمەشق دادەنیشێت، مەولانا لە شام ژیانی خۆی بە وانەوتنەوە و پەروەردەکردنی شاگرد و مورید و خەلیفەی بەتوانا و ڕێنمایی جەماوەردا بەسەربردووە تا ساڵی ١٢٤٢ی کۆچی ١٨٢٧ زاینی کۆچی دوایی دەکات و لاشە پیرۆزەکەی لە مەراسیمێکدا لە کێوی قاسیون بە خاك دەسپێرن.) (بەرزنجی، ٢٠٠٩، ١٣)

ئەو کێوە و قەبرسانەکەش ئێستا بوون بە گەڕەکێك بەناوی گەڕەکی (مساکن برزە) لە (شام) واتە لە شاری (دیمەشق)ی پایتەختی سوریا. لە کۆندا و تا ئێستاش سورياييەکان بە شاری دیمەشق دەڵێن شام. (مساکن برزة) ماڵە بەرزەکان، یان خانووە بەرزەکان، گەڕەکێکە لە شاری دیمەشق، کە لەووبەر گوندێك بووە لە سەرووی ئەو شارەوە و لەساڵانی ١٩٥٠ وە خراوەتە سەر دیمەشق و مێژوویەکی کۆنی هەیە و سەرچاوەکان دەڵێن لەگەڵ مێژووی دیمەشقدایە و لە سەر گرد و بەرزاییەکە ڕووبەرێکی فراوانی زیاتر لە ١٠٠ هێکتاری هەیە و سەرچاوەی ئاوی زۆرە و کاتی خۆی کە شاری دیمەشق ژێرئاو دەکەوێت هەندێك لە خەڵکەکەی پەنا بۆ ئەو شوێنە بەرزانە دەبەن و بە دایکی دیمەشقیش ناودەبرێت، تا ئێستاش زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی بەڕەگەز کوردن و وشەی بەرزە بەهەموو ئەو واتایانەی بۆ ئەو شوێنە بەکار هاتووە لە ڕووی زمانەوە سەربەزمانی کوردییە و چووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە لە عەرەبیدا کەمتر بەکاردێت. هەر لەو گوندەدا گەلێك گۆڕستان و گۆڕی نەختینەیی و کۆنی تێدایە، کە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانی و ئارامییەکان. دەگوترێت گۆڕی ئیبراهیم خەلیل پێغەمبەر لەوێدایە و لە کتێبە ئاینی و سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە، کە ئیبراهیم خەلیل حوکمڕانی دیمەشق و ئەو ناوچەیەی کردووە.

## نالی و کۆچ و کۆتایی ژیانی لە غوربەت

ئەو کەرەستە شیعرییەی لە دیوانی نالیدا دەبینرێت و هەموو توێژینەوە زانستی و هەوڵە ڕەخنەییەکان پشتی پێدەبەستن و بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگ، ئەو چامە شیعرییەیە. کە یەکەم دێڕی بە (قوربانی تۆزی ڕێگەتم، ئەی بادی خۆش مروور) دەستپێدەکات، کە چامەیەکی دوورودرێژی ٤٣ دێڕییە و شاکارێکی هونەری و ئەدەبیی بەرز و باڵایە و چامەکە لە دوورە وڵاتی و غوربەتدا نووسراوە.

**قوربانی تۆزی ڕیگەتم، ئەی بادی خۆش مـروور**
**ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شـــــارەزوور**
**ئەی لوطفەکەت خەفیی و هەوا خواە و هەمدەمە!**
**وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەی حـوضــــور**

ئەم چامە دوورودرێژ و شاکارەی (نالی ١٨٠٠-١٨٧٧)، زۆر لە نووسەر و ڕەخنەگران نووسین و سەرنج و لێکدانەوەیان لەبارەیەوە نووسیوە. تائێستا ناونیشانی ئەم قەسیدەیە، بە هەڵە بە ناوی (نامەکەی نالی بۆ سالم) ڕۆیشتووە، هیچ بەڵگە و دۆکۆمێنتێکی زانستی نە بە نووسینی ئاشکراو نە بە لێکدانەوە و ڕاڤەیەکی ڕەخنەی زانستی نییە !، کە بیسەلمێنێت نامەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ (سالم ١٨٠٥- ١٨٦٩) نووسرابێت. ڕاستییەکەی ئەمەیە، کە نالی ئەو چامەیەی لە غوربەتدا بۆ خۆی وەك هونەری شیعر نووسیوە، تەنیا توێژینەوەیەکی زانستی، کە بەوردی و بە لێکدانەوەیەکی قووڵ و هەڵهێنجراوی فرە سەرچاوە و کانگای ئەدەبی و فەلسەفییەوە ئەم بابەتەی ساغ کردووەتەوە، کە ئەو چامەیە نامە نییە بۆ کەسێکی دیاریکراو. نووسەر و توێژەر (ڕێبوار سیوەیلی)یە لە کتێبەکەیدا، بەناوی (کتێبی نالی) (سیوەیلی، ٢٠١٥، ٦٥ -٦٨) بەوردی و لەڕێی توێژینەوەی ئەو دەقە شیعرییەوە، بە میتۆدی هێرمێنۆتیکای کراوەوە، لەسەرئەم بابەتەی

نووسیوە و هەرچەندە بە ڕاستەوخۆ و بەڕستەیەکی کورت و کرمانج، ئەوەی دەرنەبڕیوە، بەڵام زۆر بە ڕوونی لە نووسینەکەیدا دەردەکەوێت کە ئەویش لەگەڵ ئەو ڕایەدایە، کە نالی ئەو چامەیەی لە غوربەتدا بۆ خۆی وەك هونەری شیعر نووسیوە، نەك بۆ سالم و دوواندنێکی خودیی نالی خۆیەتی و پرسیارەکانی بۆخۆی بووە و هەر بۆخۆشی وەڵامی داوەتەوە، (کۆششی نالی لەم پرس و جۆیەدا، بەمەبەستی وەدەستهێنانی وەڵامێکە تا بتوانێت پێناسەی خۆی پێ بکات، پێناسەی خۆی وەکو مرۆیەکی دوورە وڵات و ئاوارە. ئەو لە ڕابوردوویەکی پیرۆز دەدوێت، بە ڕابردوو بردنە ژێر پرسیارەوە، وەسفی "ئێستا"ی خۆی بکات) (سیوەیلی، ٢٠١٥ ٦٥ -٦٨).

نالی لەدوای ڕووخانی میرنشینی بابان (بەتەواوی لە ساڵانی ١٨٥٠-١٨٥١دا) بە ڕێگەی موسڵ و شام و قودسەوە چووە بۆ حەج لەدوای یێك دوو ساڵ لە شامەوە ڕووی کردۆتە ئەستەمبوڵ) (خەزنەدار، ب ٣، ٦٦،). لەم ماوەیەی دواییدا هەندێك زانیاری زیاتر دۆزراوەتەوە سەبارەت بە وەی کە، نالی دوو جار چووە بۆ حیجاز، جاری یەکەم یەکسەر لە سلێمانییەوە بۆ (ئیفای حەج چووەتە حیجاز) ئەمەش لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٨دا کە ڕەنگە ئەو کاتە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بووە، جاری دووەم هەر لە شامەوە دەچێت بۆ حیجاز، بە بەڵگەی ئەوەی کە مەلا عەبدو ڵڵای جەلیزادە لە ساڵی (١٢٨٨هـ-١٨٧١ز) لە حەج چاوی بە نالی کەوتووە. (حداد،٢٠٠٠، ١٤) هەرچی ماوەی ژیانییەتی لە ئەستەمبوڵ، جگە لە زانیارییەکی کەم ئەویش لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا، بەهۆی گەڕان و توێژینەوەی زانستی دکتۆر عبدالله حداد بۆ یەکەم جار، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (نالی لە دەرەوەی کوردستاندا) دەنووسێت: (سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی تر کە تیایدا باسی (نالی) کراوە، کتێبێکی تورکییە بە ناونیشانی (عثمانلی موءلفلری)، ناوی دانەرەکەی (محەمەد تاهر

بورسەلی)یە، تیایدا بەم چەشنە لە نالی دواوە "لە گوندێکی سەر بە سلێمانی چاوی بە ژیان هەڵێناوە، لە ساڵی (١٢٩٠ هـ)دا لە حەجی شەریف گەڕایەوە، ئەو ماوەی لە ئەستەمبووڵ مایەوە، بەوپەڕی ڕێز و شکۆدارییەوە زانا و شاعیرانی ئەستەمبووڵ ڕوویان تێدەکرد. پاش بەینێك وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی (قاراجا احمد، Karaca Ahmed) تەرمەکەی بەخاك سپێردراوە. (حداد،٢٠٠٠ ،٢٢) هەر لە کتێبەکەی دکتۆر عەبدوڵا حەداددا ناوی کتێبێکی عەرەبی دەبات، کە باس لە نالی دەکات و دەڵێت: سەرچاوەیەکی عەرەبی لەم دواییانەدا دۆزرایەوە، کتێبێکە بەناوی (نزهة الفکر) یەکێکە لە بەرهەمەکانی (احمد بن محمد الخضراوي المکي الهاشمي)، ئەم زاتە هاوچەرخی نالی بووە و لە نزیکەوە نالی ناسیوە، هەندێ تێبینی وردی دەربارەی نالی تۆمارکردووە لەژێر سەرناوی (الشیخ خضرافندي نالی الکردي) (حداد،٢٠٠٠، ٢٣)

ئەوەی لێرەدا و بۆ بابەتی کۆچ و ئاوارەیی نالی دەستدەدات، ئەو هەست و سۆزی غەریبی و نامۆییەیە کە لە ناوەڕۆکی تێکستە شیعرییەکانیدایە؛ بەبۆچوونی ئێمە نالی دوو پارچە شیعری هەیە، کە هەردووکیانی لە وڵاتی عەرەبی سعودییە نووسیوە !. کە لەو گەشتەیدا گوایە بۆ حەج چووە، هەستی بە دوورە وڵاتی و غوربەت کردووە،

پارچە شیعری یەکەم. ئەو شیعرەیە کە بەم دێڕە دەستپێدەکات:

**دەروونی لیداری شەهرەزوری وە بەردیهی**

**کە فرمێسکین گەرمین ئیلا ئاوی سەردیهی**

(مدرس، ١٩٧٦، ٤٠١)

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕە هاوکارەکانی، لە نووسینەوە و چاپکردنی دیوانی نالیدا، وایان بە چاك زانیوە، کە سەرانسەری ئەو پارچە شیعرە بە ڕێنووسی عەرەبی و بە سەروبۆری عەرەبییەوە بنووسنەوە!، دیارە

مەبەستێکی گرنگیان لەو کارەدا هەبووە، (مدرس، ١٩٧٦، ٤٠١)

کە لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوەی نییە. شێوە نووسینەوەکەش بەم جۆرەیە:

**درونی لدار ال(شارزور) و بردە**
**کفر میسك گرم الی او ســـــردە**

نالی ئەو پارچە شیعرەی لە وڵاتی عەرەبی سعودی و لە غوربەتدا نووسیوە، سەرتاپای شیعرەکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە نالی هەست و سۆزی دەروونی لە یاد و بیرکردنەوەدایە بۆ ماڵ و خانوو و داروبەردی شارەزوورەکەی، بۆ هەموو جۆرە شوێنێك، چ شوێنی سروشتی وەك لادێکەیان و کانی و ئاوی ساردی کانیی بەردێ و کانی لای سەرووی دێ و دەشتی شارەزوور، بە وەردە بە پیت و بەرەکەتەکەیەوە هەتا دەگات بە تۆزو گەرد و خاك و خۆڵەکەی چ وەك زێدگەکەی کە دێی خاکوخۆڵە و چ وەك هەموو وردە خۆڵ و تەپوتۆزەکەی لەم پارچە شیعرەدا نالی لە ئاوارەییدا خۆی وەك نامۆیەك دەبینێتەوە و تووشی دەردی دووری و نەستالۆژیای شوێن و جێگای خۆی بووە، سۆزی خۆی بۆ گەڕانەوەی بۆ ژینگەکەی دەردەبڕێت، واتە سۆز بۆ ڕابردوو. جگە لەوەی لە دێڕی نۆیەم و کۆتاییدا سۆزی بۆ بەسەرکردنەوەی خەڵك و ناوبردنی کەسانێك، بەتایبەتی یاد و یادەوەرییەکانی لەگەڵ کچانی هاتوچۆکەری کانی بۆ ئاوهێنان، یادی ماچی لێوی ئەو کچانە دەکاتەوە، کە لە زەمەنێکدا بەجێی هێشتوون. ئەو وێنە شیعرییانەی، لە ناو ئەم پارچە شیعرەدا وەك هەست و سۆزی غەریبی نۆستالۆژیا دەربڕیون، بەشێکن لەو وێنە شیعرییانەی کە لە چامە دوورودرێژەکەیدا لە ژێر سەردێڕی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...) دا دووبارەی کردوونەتەوە. هەروەها بەپێی شێوازی بەکارهێنانی زمانی شیعرەکە و ئەو وشە و زاراوانەی لە ڕستە شیعرییەکاندا ڕیزی کردوون،

دەکرێت شوێن و سەردەمی مێژووی نووسینی ئەو شیعرانەی، کە نالی لە ئاوارەییدا نووسیویەتی، یان ڕاستتر مەزەندە و خەملاندن بۆ بەدوای یەکدا هاتن و سەردەمی نووسینی ئەو پارچە شیعرانە، بەم شێوەیە بکرێت، هەردوو پارچە شیعرە (درونی لیدار شهرزوور و بردە.....) لەگەڵ (دڵ سیاه سەنگ نەبێ...)ی لە وڵاتی عەرەبی سعودییە نووسیوە، چامە بەناوبانگەکەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...) لەدوای ئەو دوو پارچە شیعرە و لە شام نووسیوە.

**دڵ سیاه سەنگ نەبێ، مائیلی خاکي وەتەنە**

**خاڵی لەعلی حەبەشەن ساکینی بوردی یەمەنە**

(مدرس،١٩٧٦، ٥٢٤ )

نالی لە غوربەتدا و لەو پارچە شیعرەیدا، لۆمە و سەرزەنشتی دڵی خۆی دەکات و دەڵێت: دڵی من ئێستا، لەم وڵاتەدا، وەك بەردە ڕەشی کەعبە ڕەش و ڕەق و بێ هەستە! ئەگەر ڕەق و بێ ڕەحم نەبێ و لە سەنگی سەخت دروست نەبووبێ، حەزی لە زێدگە و ماوا و نیشتیمانی خۆیەتی، بۆیە دڵی منیش هەمیشە حەزی لەوەیە لای یار و لەگەڵ بیرەوەریی ئەودابێ، یا بۆیە هەمیشە حەزی لە ژیانی ئەو نیشتمانەیە تیای هاتوومەتە دنیاوە. ( مدرس، ١٩٧٦، ٥٢٤) لە دوا دێڕی ئەو پارچە شیعرەدا نالی دەڵێت:

**دڵی نالی کە ئەنیسی (قەرەداغ )ە، ئێستەیش**

**داغی ( سەرچاوە) و (دێوانە)یی دار و دەوەنە**

(مدرس،١٩٧٦، ٥٢٦ )

هەروەك لە سەرەتای شیعرەکەدا و لەکۆتاییشدا باس باسی دڵی خۆیەتی و دەردی دووری و نۆستالیژیای شوێن و دوا پەیامی نالییە و دەڵێت: دڵی نالی کە ئێستاش، لەم تەمەنەدا و لەم دوورە وڵاتییەدا، هەر ئالوودە و ئولفەتی بە قەرەداغەوەیە و بیری لەوێیە و لە ناخیدا دەژی، بۆ دیتنێکی تری سەرچاوەی

ئاوەکانی دڵی ڕەش هەڵگەڕاوە و بۆ دارودەوەنەکانی بووە بە "دێوانە" و شێت بووە، هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە بیری چەمی دێوانە دەکات کە ئاوەکەی لە چیای سەگرمەوە پەیدا دەبێت و بە قەرەداغدا تێدەپەڕێت. بەکورتی دەکرێت هەموو ئەو پارچە شیعر و دێڕانەی نالی لە تاراوگە نووسیویەتی، بە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا دابنرێن، کە نالی بەتەواوی دوورکەوتووەتەوە و لادانی کردووە لە گەلێك دابونەریتی ئاینی و کلتووری، ئەگەر ئەم دیاردەیە و قسەکانی نالی لەدێڕە شیعرەکانیدا ئامانج نەبووبن بۆ سەلماندنی ئەو گۆڕانەی بەسەر نالیدا هاتووە، دەبوو لە وڵاتی عەرەبی سعودی و بەتایبەت لە حیجاز و مەکە و مەدینە، نالی وەك زانایەکی ئاینی و مەلایەکی موسوڵمانی کورد، دەیان پارچە شیعر و چامەی ئاینی بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر و شوێنە پیرۆزەکانی وەك: کەعبە و نزرگە و تەوافگەکان بنووسیبا. وەك لەو سەردەمەدا هاوتەمەنانی نالی، لە حەج و ئەو شوێنە پیرۆزانەدا هیوا و ئاواتین بە مردن مەرگی خۆیان خواستووە. بەڵام نالی بەدرێژایی تەمەنی شیعریی، لە سەرانسەری دیوانەکەیدا دوو پارچە شیعری ئاینی و موناجاتی هەیە! کە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر و سەلمێنەری ئەو بۆچوونەیە، کە لەو چەند ێڕەی سەرەوەدا ڕوونکرانەوە.

## کۆچی حاجی قادری کۆیی و خەیاڵی ڕۆمانسی لە گەڕانەوەدا:

ئاسۆی بیری حاجی قادری کۆیی(١٨١٦ -١٨٩٧ ) لەو کاتەدا فراوانتر بوو، کە وڵاتی خۆی بەجێهێشت و ڕووی کردە ئەستەموڵ. بە ڕای دکتۆر مارف خەزنەدار، هۆی کۆچکردنی حاجی ئەوە بووە (بیروباوەڕە تەنویرییەکانی لەگەڵ چاکە و بەرژەوەندیی کاربەدەستانی مەڵبەندی خۆی ڕێك نەدەکەوت. دیارە ئەو دەسەڵاتە لە ئەنجامی بیروڕای ئاینی و دەروێشی و بەرژەوەندیی کەسایەتی پەیدا بووبوو، لەگەڵ دروشمەکانی " ئازادی و داد و یەکسانی" دا ناکۆك بوو.

(خەزنەدار، ٣ب ،١٦٣) ئەو چەند دێڕەی سەرەوە ئەو زانیارییە ڕاستانەن، کە لە نێو تێکستە شیعرییەکاندا خراونەتە ڕوو.

لەلایەکی دیکەشەوە نۆستالیژیا یان هەستی غەریبی لە شیعری حاجیدا خەیاڵ و فەنتازیایەکی ئایندەی نیشتیمانە، وێناکردنی زێدگەی حاجییە لە شێوەیەکی نوێی پێشکەوتووی پڕ لە بیرە نەتەوایەتی و پێشکەوتنخوازەکانی حاجی، سیاسەت و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و بە فەرمیکردنی دامودەزگاکانی حوکمڕانی فەرمانڕەوایی لە ئاوەزی حاجیدا مانا و چەمکی سیاسەت و لە واتا و چەمکی نەتەوایەتی و دەوڵەتداریی نوێ و ڕووناکبیریی ڕۆمانسیەتدا بەرجەستە دەکات. حاجی لە غوربەتدا و لەو تاراوگەیەی کە ڕۆژانە تێیدا دەژی هەمیشە لە بەراوردکردنی ئەستەمبوڵ وەك شارێکی شارستانی و پێشکەوتوو و کراوە بووە بە کوردستان و بەتایبەت بە شاری کۆیە، حاجی قادر وەك شاعیران و هونەرمەندانی دیکەی کورد سەر بە ڕێبازی ڕۆمانتیك، ئەوانەی ڕۆمانسییانە ئاوڕ لە نیشتمان دەدەنەوە و جوانییەکان ئامێتە بە نوێخوازی و پێشکەوتن و شارستانی دەکەن بۆ ئایندەی وڵاتەکەیان، ئەم خەونە تا ڕۆژی ئەمڕۆش لە بیر و ئەندێشەی هەموو پەنابەرێکی کورددا هەیە، بەتایبەتی ئەوە خەم و خولیای زۆربەی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کوردە، (ئەم هەستە و ئەم دۆخە لە شیعری حاجی قادردا بەزۆری دەبینرێت. حاجی بۆ خۆی وشەی نۆستالیژیا بە وشەی (دەردی دووری) ناودەبات و لەوەش گەیشتووە کە ئەم دەردە جگە لە سەبووری و دڵدانەوە شتێکی دیکەی لێ بەرهەم نایەت، حاجی نووسیویەتی) (سیوەیلی، ٢٠١٦،١٧٦)

**بە سەد قەید و حەواشی دەردی دووری**

**بــەیانی ناکرێ غەیرەز سەبووری**

(سیوەیلی، ٢٠١٦،١٧٦)

بۆیە حاجی قادر لە غوربەتدا هەمیشە، چ بە بیرکردنەوەی چ بەخەون و خەیاڵ، لە گەڕانەوەدایە  بۆ هەموو بوونەکانی پێشووی (حاجی قادر لە گەڕانەوەیدا بۆ ڕابردوو هەمیشە شوێن، چ شوێنی سروشتی، چ شوێنی کۆمەڵایەتی و چ شوێنە کولتوورییەکان و شوێنی خودی و تایبەت. بەسەردەکاتەوە و ناوی کەسان و ئەو جێگایانە دەهێنێت، کە بۆ ئەو پڕکەرەوەی ئەو بۆشاییانەن کە لە ژیانی غەریبیدا تێیکەوتووە. لەناو ئەو شتانەشدا شوێن گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە و چێژێکی تایبەت دەداتە حاجی و عیزەتی نەفس و لە خۆڕازیبوون و متمانە بە خۆبوونی بەهێز دەکەن) (سیوەیلی، ٢٠١٦،١٧٧)

ئەم بیرانە لەلای  ڕۆشنبیران و شاعیرانی وەك حاجی قادر لە نووسین و تێکستە شیعرییەکاندا دەبینرێن.

## پیرەمێردی نەمر، کۆچ و گەڕانەوە بۆ نیشتمان

تۆفیق کوڕی مەحموود ئاغای کوڕی هەمزە ئاغای مەسرەف ناسراو بە (پیرەمێرد **١٨٦٧ -١٩٥٠**) لە ساڵی ١٨٩٨دا شێخ مستەفای نەقیب و شێخ سەعیدی حەفید ڕوودەکەنە ئەستەمبوڵ و دەبن بە میوانی سوڵتان عەبدولحەمید، تۆفیق لەگەڵیان دەبێ وەك کارگێڕ و یاوەری شێخ مستەفای نەقیب. ئەوکاتە تۆفیق (واتە پیرەمێرد) لە تەمەنی (٣١) ساڵیدا بووە. لەو گەشتەدا خەڵکی دیکەش بەشدارییان کردبوو زۆربەی ئەوانە مورید و دەروێشی شێخ سەعیدی حەفید بوون.) ( خەزنەدار،ب٥، ١٠٤) دوای ماوەی ساڵێك لەژیانی ئەستەمبوڵ، هەر لەگەڵ ئەواندا و هەندێك خەڵکی دیکە ڕوودەکاتە حیجاز، هەموو ئەوانەی لەگەڵ حاجی تۆفیق (پیرەمێرد)دا بوون، دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی، بەڵام پیرەمێرد دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێ دەمێنێتەوە و

دەیکات بە مەڵبەندی ژیانی نوێی خۆی، لەو ماوەیەدا لەلایەن پاشای عوسمانییەوە پلەی (بەگ)ی دراوەتێ. سوڵتان عەبدولحەمید نامەیەکی لەلایەن نەسرەدین شاوە بۆدێت، تۆفیق ئەو نامەیە بۆ سوڵتان دەخوێنێتەوە و لەسەر داوای سوڵتان عەبدولحەمید، تۆفیق وەڵام نامەکە بەفارسی دەداتەوە، لەبەر ئەو توانایەی لە زمان و ئەدەبیاتدا، لە ساڵی ١٨٩٩ دا فەرمانی شاهانەی بۆ دەردەچێت و دەبێت بەئەندامی مەجلیسی عالی ئەستەمبوڵ. هەر لەو ماوەیەدا بەهۆی عیزەت پاشاوە لە (مەکتەبی حقوق) دەخوێنێت تا ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەمبوڵ خۆی بە کاری پارێزەری و نووسین لە گۆڤار و ڕۆژنامەدا خەریك دەکات. بەشداری دەکات لە پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی کوردیدا، بە سەرۆکایەتی شێخ عبدالقادر و شێخ عبدالله و پیرەمێرد یەکێك دەبێت لەو دە (١٠) ئەندامە بنەڕەتییانەی کۆمەڵەکە و ڕۆژنامەیەکی کوردی بڵاودەکەنەوە بە ناوی (کورد) تۆفیق دەبێت بەخاوەن ئیمتیازی ئەو ڕۆژنامەیە. هەروەها لە هەندێك ڕۆژنامەی دیکەدا کاری کردووە و نووسین و شیعری بڵاوکردووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٠٩ وە، لە کۆمەڵێك لە شار و ئاوەدانی، قایمقام بووە (لەوانە جولەمێرگ و قەرەموسڵ، باڵاوە، بەیتولشەباب، گوموش کۆی، جزیرەی هەکبەلی ئەتە، هەروەها لە ساڵی ١٩١٨ کراوە بە موتەسەڕیفی (پارێزگاری) شاری ئەماسیە، لە زۆربەی ئەو شارانە لە ناوچە کوردستانییەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی نەبووە، بەتایبەتی ئەماسیە، ئەو شارەی شەش ساڵ (١٩١٨ - ١٩٢٣ ) تێیدا ماوەتەوە..(خەزنەدار، ب٥، ١٠٥)

ئەوەی لێرەدا پێویستە باسی لێوە بکرێت، ئەوەیە تۆفیق بەگ هەرچەندە لە وڵات و زێدگەی خۆی دوور کەوتووەتەوە و لە زۆربەی ئەو شارانەی لە وڵاتی عوسمانی ژیاوە، وەك ئاوارە و کۆچبەرێك نەژیاوە! بگرە نەك هەر بەتەنیا وەك هاووڵاتییەکی ئەوێ، بەڵکو مافی خوێندن و پلەوپایەی دەسەڵاتداریشی

هەبووە، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی گەشتەکەیدا بۆ ئەستەمبوڵ لەگەڵ چەند کەسێکی دەوڵەمەند و خاوەن ناو و ناوبانگدا بووە. بە گەیشتنی بەو شار و پایتەختە شارستانییەی ئەوسای دەوڵەتی عوسمانی، لە ترۆپك و لووتکەی دەسەڵاتی دەوڵەت نزیك بووەتەوە. کەواتە دەبێت ئەو ڕاستییە بوترێت، کە فاکتەری کۆچەکەی، یان ڕاستتر بوترێت گواستنەوەی شوێنی ژیانی بەهۆی ئارەزوو و حەزی بۆ زانست و زانیاری و ڕەخسانی هەلومەرج و بارودۆخێکی لەبار و گونجاوی بۆژیان و خۆشگوزەرانی بۆ ڕێککەوتووە. لەبەر ئەوە بڕیاری داوە لەوێ بمێنێتەوە، هەر لەوێ ژنێکی تورکی هێناوە.

لە دوای دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن دەوڵەتە ئەمپریالیست و کۆلۆنیالیستە گەورەکانی ئەوروپا و دامەزراندنی دەوڵەتی تورك لەلایەن مستەفا کەمالەوە، مەسەلەی نەتەوایەتی لە هەموو کوردستانی سەر بە عوسمانیی کۆن لە ساڵانی ١٩٢٣- ١٩٢٤ بووە هۆی ئەوەی حاجی تۆفیق بکەوێتە بیرکردنەوە لە چارەنووسی خۆی لەناو ئەم هەموو گێژاوی ئاژاوە و تێکچونی شیرازەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیە، دەبوو حاجی تۆفیق هەڵوێستێکی هەبێت و یەکێك لەم ئەگەرانە هەڵبژێرێت؛ یان دەبێت بڕیاربدات لەو وڵاتە بمێنێتەوە تا کۆتایی ژیانی، یان دەبوو بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی. ئەگەر بڕیاری یەکەمی بدایە، واتە لەوێ بمێنێتەوە، دەبوو یان بچێتە ڕیزی خەڵکان و ڕێکخراوانی کوردی شۆڕشگێڕ و ببێت بە یەکێك لە چەکدارانی باکور؛ یان دەبوو بیروباوەڕ و ئیدیۆلۆجییەتی خۆی بگۆڕێت و ببێ بەجلخوارێکی تۆرانی تورکچیی دوژمنی کورد. هەروەك دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت: مەرجی پێویست لە حاجی تۆفیقدا نەبوو بتوانێت بڕیارێك لەسەر ئەم دوو هەڵوێستە پێچەوانەی یەکترییەدا بدا. چونکە سروشتی خەباتی پیرەمێرد ئاشتییانە بوو، لە شۆڕش و چەك و سیلاح دەترسا، لەبەرئەوە نەیدەتوانی

بچێتە ڕیزی شۆڕشگێڕانەوە. هەرچی لایەکەی دیکەشە ببێ بە دوژمنی کورد و تۆرانچێتی بکا، ئەمەیان لەگەڵ دروستبوونی سایکۆلۆجی و گیانی ناسیۆنالی حاجی تۆفیق ڕێك نەدەکەوت. چونکە لەسەر بنج و بنەوانی کوردایەتی فرچکی گرتبوو. لەبەر ئەوە بڕیاری دا بگەڕێتەوە نیشتمان، لە نیوەی دووەمی ساڵی **١٩٢٤** ماڵ و منداڵی بەجێهێشت و بەڕێگەی ئورفە و حەڵەب و مووصڵ گەڕایەوە بەغدا. ماوەیێك لەوێ مایەوە و لە سەرەتای ساڵی **١٩٢٥** گەیشتەوە سلێمانی. (خەزنەدار، ب٥، ١٠٥-١٠٦)، لەگەڵ ڕێزدا بۆ ئەو ڕایەی دکتۆر مارف خەزنەدار، پیرەمێرد بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی لە دوای ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا هات، لەو وڵاتە بمێنێتەوە، چونکە دەیزانی ژیانی بەتەواوی لە مەترسیدا دەبوو، هەر بۆیە ژن و منالەکانی بەجێهێشت و تەنانەت وەك ئەو چەند کەسە ناودارانەشی نەکرد، لە بەغدا بمینێتەوە و وەك ئەوان پلە و پایەی عەسکەری و شارستانی بەدەست بهێنێت، هەرچەندە لەو سەردەمەدا، لەوان بەتواناتر و چالاکتر و ناسراوتر بووە.

حاجی تۆفیق هەر لە وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە، کە ڕووەو وڵات و سلێمانییەکەی ملی دەنا، خەیاڵ و بیرکردنەوە لە نیشتیمان و مەڵبەندی باو و باپیرانی و هەموو دیمەنەکانی ڕابوردووی دەهاتەوە پێش چاوی و بەدەم ڕێوە بەتامەزرۆ و تاسەی کوردستانەوە ئەم شیعرە بەرزی نووسی:

**ئەوا ڕووم کردە تۆ، ئەی دایکی موشفق بیست و پینج ساڵە**
**لە غوربەتدا، بە یادی تۆ ئەژیم خوا شاهیدی حاڵە**
**بەیانی دا، نەسیم لای تۆوە هات، بۆنی وەتەن پێوە**
**ئەوا نووسرایەوە پیرانەسەر عومرم لە سەر نوێوە**
**ئەڵێن: نەفحەی ژیانی پێوەیە، بادی بەهار وایە**
**بە سروەی بای وەتەن ماوم بەهار و بای لەلام «با» یە**

**جوولایەوە، وا کەوتە ڕێ، باوەڕ بە خۆم ناکەم**
**خەوە یاخود خەیاڵ، یا ڕاستە ئەم حاڵی فەرەحناکەم**
**هەوای تەختی سلێمانی هەیە، بادی ترین، با بێ**
**بێ، لە زورا بێ فیحا بێ، لە شهبا بێ، لە با بلا**
**بە چاوما بێ ئەگەر تۆزێک لە تۆزی بای سلێمانی**
**کە نووری توورە توورێک ناهێنێ سوورمەی سلێمانی**
**کە با بۆنی گوڵێکی «کانی با» بێنێ لەلام وایە**
**تەلای کەیخوسرەوی وەک گەنجی باداوەر هەمووی بایە**
**گزنگی خۆر ئەداتە بەفرەکەی شاخی (عمرگدروون)**
**بریقەی خۆشترە لای من لە دوڕڕ و گەوهەری قاروون**
**بە ئاواتی ئەخوازن خەڵک تەعامی مائدەی عیسا**
**هەمووی حەڵوا گەزۆیەک ناهێنێ دەستم کەوێ ئیسا**
**شەماڵ دێنێتە گوێم دەنگی منالانی قوتابخانە**
**نەشیدی میللییان لاهووتییە قووتی دڵ و گیانە**
**هیوام پێیانە ئەم دەستە کوڕانە مەشخەڵێ هەڵکەن**
**لە تاریکی نەزانیندا بە زانستی وەتەن دەرکەن**

( هاوار، ٢٠٠٧، ٦٧-٦٨)

گەڕانەوەی حاجی تۆفیق هەروا بڕیارێکی سەرزاری و کوتوپڕ نەبوو، بەڵکو لەدوای بیرکردنەوە و تێڕامان و شرۆڤەکردنی بارودۆخی ئەوسای وڵاتی غوربەت و کوردستان لەلایەك و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو سەرمایە و گەنجینە مەعریفییەی لە تورکیا بەدەستی هێنابوو، لە کۆکردنەوەی زانیاری و ئەزموونی پێشکەوتووی کارکردن لە بواری نووسین و کاری چاپ و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و کتێب و...تاد. بە کورتی پیرەمێرد بە کامڵی و بە

پرۆسەیەکی گەڵاڵەکراوی مەعریفی و ڕۆشنگەرییەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانیی پایتەختی ڕۆشنبیری.

## کۆچی شێرکۆ بێکەس؛ گەشتی شیعریی نوێی کوردی

هەرچەندە سەرەتا، کە وشەی کۆچ دەبیستیت، گوێ بۆ بەسەرهاتی کۆچکردنی کەسێك دەگریت، چەمك و مانایەکی نەگەتیف لە ئەندێشەدا خۆی دەنوێنێت، بەتایبەتی ئەگەر نەگوترێت هەمووی، ئەوا زۆربەی زۆری کۆچکردنەکان لە ژیاننامەی کورداندا لایەنی نەگەتیف و ڕەشبینی و ڕەوتی ژیانی کۆچبەر بەرەو هەڵدێرو نوشوستی بووە! بەڵام بۆ شاعیرێکی گەورەی ئەم سەردەمەی کورد، (شێرکۆ بێکەس ١٩٤٠-٢٠١٣) دەکرێت بە گەشتنامە و کرانەوەی دەروازەیەکی بەختەوەری لەژیانی شاعیردا و لە گەشەی شیعری کوردیدا دابنرێت.

شێرکۆ بێکەس دوای ئەوەی ماوەیەك لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە، لەناو شۆڕشی نوێدا، بەشداری کردووە و وەك شاعیرێکی چالاك و کاریگەر و نووسەری وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی شاخ و لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستاندا کاری کردووە. لە (کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ دا لەسەر پێشنیازی هاوڕێ و ناسیاوەکانی، وەك کاك عومەر عەبدوڵا و مام جەلال و نەوشیروان مستەفا، کە ئەو کەسایەتیانە بەلایانەوە وا باش بووە، کە شێرکۆ بێکەس بچێتە دەرەوە بۆ ئەوروپا، لە ڕێگای ئێرانەوە بە فڕۆکە دەگاتە شام (دیمەشق) و دوای چەند مانگێك، بەهۆی هەوڵی نوێنەری (ی.ن.ك) (ئەحمەد دەروێش)ەوە و بەهاوکاری ڕێکخراو و ئەندام پەرلەمانێکی حیزبی سەوزەوە فیزەی ئیتالیای بۆ وەردەگرن، هەر بە فڕۆکە دەگاتە ئیتالیا و لە فڕگەی نێودەوڵەتی ڕۆما ئەنیشێتەوە) (بێکەس،٢٠٠٥، ٣٦٠ / ٣٦٦ /٣٣٤).

جگە لە کەسە ناودار و زۆر بەناوبانگەکانی جیهان، چ کەسێکی دیکە هەیە بە تایبەت لە نەتەوەیەکی شاخاوی پەراوێزخراوی وەك نەتەوەی کورد بێت و پێش کۆچی خۆی و دەرچوون لە وڵاتەکەی ناو و ناوبانگ و بەرهەمە شیعرییەکانی بە دونیای دەرەوەدا بڵاوببێتەوە؟ و بکرێت بە چەند زمانێکی ئەوروپایی؟ ئەوە تەنیا شیعری کوردی شێرکۆ بێکەسە پێش خۆی دەگاتە دەستی چەند کوردێکی بەتوانای زمانزان لە ئیتالیا و بە هاوکاری دۆستە ئیتالییەکانیان وەریانگێڕابوو بۆ زمانی ئیتالی.

هەر لە فلۆرەنسای ئیتالیاوە گەشتی شیعر و گەشتی شاعیرێکی کورد دەستپێدەکات و شیعری کوردی بە دونیای ئەدەبی ئەوروپایی دەناسێنێت. ئیدی دەروازەی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بەرەوڕووی ژیانی شێرکۆ بێکەس، وەك تاکێکی کورد، بەهۆی شیعرەکانی و ئاستی زمان و ئەدەبی کوردی و بارودۆخی نەتەوەی کوردەوە دەکرێتەوە و ڕۆژبە ڕۆژ ئاسۆی ژیان شاعیر و گوڕوتینێکی نوێی دەدایەوە بە جەستەی شاعیر و بەرهەمی ئەدەبی و شیعری کوردی دەگەشاندەوە.

## کۆڕی شیعرخوێندنەوە و پشتگیری لە مەسەلەی ڕەوای کورد

یەکەم کۆڕی شیعر خوێندنەوە لە شاری فلۆرەنسا بووە، بۆ یەکەم جار بوو لە فلۆرەنسا و ئیتالیادا کۆڕی لەم جۆرە بۆ شاعیرێکی کورد، ببەستریت شێرکۆ بێکەس دەڵێت: (ئێمە چوارکەس بووین ”گابریل“و شاعیرێکی ئیتالی باریکەلەی سەر ڕووتاوە کە بە مەزەندە هەر لە سییەکانی تەمەندا ئەبوو. کاك ”ئەحمەد دەروێش“ و من. ئەو هونەرمەندانەی لە فلۆرەنسا ئەژیان ئامادەبوون. هەروەها بەشێکی لەبەرچاوی ئەو عەرەبە عێراقیانەی لەوێ دەژیان. بیرمە هونەرمەند کاك ”عەتا قەزاز “ بە کامێرایەکی ڤیدیۆوە هاتوچۆی ئەکرد و چاوی

هەر بەکامێراکەوە بوو. ئەو شریتی ڤیدیۆیەم تا ئێستاش ماوە لە سویدە. بەشێکی زۆری ئەم ئێوارەکۆڕە بۆ ئیتالییەکان بوو، بەتایبەتی ئەندامانی حیزبی سەوز و چەپەکان. یەکەم قسەکەر "گابریل " بوو وتەکەی نزیکەی بیست دەقیقەیەکی خایاند و بەگەرمی بەخێرهاتنی منی کرد. ئینجا هاتە سەرئەوەی کە گەلی کوردستان گەلێکی دێرینە و بەڵام بەردەوام لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە چەوسێنراوەتەوە، کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، گابریل پشتگیری خۆی و حیزبەکەی بۆ مەسەلەی ڕەوای کورد دەربڕی. باسی جاڕنامەی مافی مرۆڤی کرد.

بۆ ڕۆژی دوایی چەند ڕۆژنامەیەکی فلۆرەنسا هەواڵی کۆڕەکەیان بڵاوکردبۆوە. ڕۆژنامەیەکیان دووسێ پارچەی لە شیعرەکان وەك نموونە بڵاوکردبۆوە، یەکێکی تریان وتاریکی لە سەر کێشەی کورد لە عێراقدا نووسیبوو) (بێکەس، ٢٠٠٥، ٣٧٠-٣٧٧)

## بۆچی خەڵاتی (تۆخۆلسکی) بە شێرکۆ بێکەس بەخشرا؟

پێش ئەوەی باسی وەرگرتنی خەڵاتەکە بکرێت، پێویستە زانیارییەکی کورت لەسەر نووسەری گەورەی ئەڵمان تۆخۆلسکی و خەڵاتەکەی بخرێتە ڕوو. نووسەری ئەڵمانی "کورت تۆخۆلسکی" (١٨٩٠- ١٩٣٥ Kurt Tucholsky) یەکێکە لە ناودارترین ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕەخنەگر و شاعیری لیریك و تەنزنووس، ئەڵمانێکی بە ئایین جوو بووە، جگە لەوەی بە ناوی خۆیەوە بەرهەمەکانی دەنووسی، لە سەردەمی ڕژێمی هێتلەری نازیدا بە چەند ناوێکی خوازراوەوە، وەکو Kasper Hauser , Peter Panter و چەند ناوێکی دیکەوە نووسینەکانی بڵاودەکردەوە، چونکە بیروباوەڕی مرۆدۆستی و دژەشەڕ و جەنگی هەبوو، هەمیشە بەرامبەر بیرە سەربازی و کردە عەسکەرتارییەکان دەوەستایەوە.

(ساڵی ١٩٣١ نووسیویەتی: "مرۆڤ هەرگیز هەوڵی نەداوە بەجدی دژایەتی جەنگ بکات، هەتا ئێستاش دەرگای هەموو قوتابخانە و کەنیسە و مزگەوتەکان، سینەما و میدیاکانی لە بەردەم پرۆپاگاندەی جەنگدا دانەخستووە، پەروەردەکردنی مرۆڤ لە کەشوهەوای شەڕ و جەنگدا مەترسیدارترە لە خودی جەنگ) (مەنمی، Xendan.org) تۆخۆلسکی لە ئەڵمانیا دەرباز دەبێت و لە سوید لە شاری یۆتۆبۆری دەژی و دوای ماوەیەك نەخۆش دەکەوێت، واز لە نووسین دەهێنێت ماوەیەك لە نەخۆشخانە دەبێت و دواتر دەیبەنەوە بۆ شوقەکەی خۆی، چارەسەری وەردەگرێت، شەوێك لەبەرئەوەی بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە باری دەروونی تێکدەچێت و حەبێك زیاتر دەخوات لەوەی کە بۆی دیاریکراوە، دوای دوو ڕۆژ دەیبەنەوە بۆ نەخۆشخانە و پاش هەفتەیەك لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی دەکات، هەندێك هەواڵی نادروست و ناڕاست بڵاودەبێتەوە، کە خۆی کوشتووە، بەڵام وانەبووە.

لە ساڵی (١٩٨٥)ەوە لە سوید خەڵاتی تۆخۆلسکی دەبەخشرێت بەو نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانەی، کە لە وڵاتی خۆیان دژی جەنگ و ستەمی داگیرکاری خەباتیان کردووە و لەدەست ڕژێمە زۆردارەکاندا هەڵهاتوون و ئاوارە دەبن و لە تاراوگە دەژین. بەو هۆیەوە کە شێرکۆ بێکەس تەواوی ئەو مەرجانەی تێدا بووە و شاعیرێکی ناودار بووە، ئەو خەڵاتەی پێدەبەخشرێت.

## شیعری (جودایی) و بەرنامەی خوێندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

شێرکۆ بێکەس لەبارەی خوێندنی پارچە شیعرێکییەوە لە بەرنامەی خوێندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دەنووسێت (هەر لە ساڵی ١٩٨٨ دا بوو، شیعری جودایی-م کەوتە ناو بەرنامەی خوێندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەداوە، لە ئەنتەلوگیای ئەو بەرنامەیەدا لاپەڕەیەکیان بۆ

تەرخانکردبووم. جگە لە دەقی شیعرەکەیش، پێشەکییەکی چەند دێڕیشیان سەبارەت بەناسینی گەلی کورد نووسیبوو، ئەوەندەی ئاگاداریش بم تا ئێستاش ئەو بەرنامەیە هەروەکو خۆیەتی و بەردەوامە.) (بێکەس، ٢٠٠٥ ، ٤٨٢)

## خۆشگوزەرانی و دەردی دووری نۆستالۆژیا

ڕاستە شێرکۆ بێکەس، کەسێکی ناودار و دیار بوو لە ناوەوەی کوردستان و تەنانەت لەلای زۆربەی زۆری کوردانی دانیشتووی دەرەوەی کوردستان و ئەوروپا، ئەمە جگە لەوەی لەلای بەرپرسانی پارتە سیاسییەکان شوێن و ئاستێکی بەرز و لەبەرچاوی هەبوو. هەر ئەو هۆکارانە بوون ئاسانکارییان بۆ دەرەخساند لە کۆچە (گەشتەکەیدا)، کە تاڵی و سوێرییەکی ئەوتۆی نەچەشتووە. بەڵام ئایا ئەو خۆشی و شادییەی کە لەسەرەتای چەند هەفتە و مانگی یەکەمدا، لەژیانیدا هەیبووە بەردەوام بووە؟ بەتایبەت بۆ شاعیرێکی هەستناسك و ڕۆحگرێدراو بە خاك و نیشتیمان وماڵومنداڵ و هاوڕێ پێشمەرگەکانی و تەنانەت تاك بەتاکی گەل و نەتەوەکەی، بە ئاسانی لەبیر دەکرێت و شێرکۆ بێکەس دەتوانێت دەردی دووری و غوربەت فەرامۆشکات؟ نەخێر لای ئەم زووتر و خێراتر لە کەسانی ئاسایی ئەو دیاردانە لە ناخیدا هەڵدەقوڵێت و بەڕووی ژیانییەوە دەردەکەوێت (من هەتا مانگێ و دوای ئەوەی ئیتر تونێلبان و شوێنەکان شارەزابووم و ئەمتوانی خۆم بەتەنیا بچمە دەرەوە، خۆم بەتەنیا بگەڕێم، شتێك لە غەریبی خۆم بیر چووبۆوە. بەڵام دوای ئەوە ئیتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وام هەست ئەکرد، من کەوتوومەتە بیابانێکەوە و بە چواردەوری خۆمدا ئەسووڕێمەوە و چاو بۆ وڵات و هاوڕێکانی کوردستانم ئەگێڕم و بەڵام کەس نابینم! لە سەرابێکی دوور زیاتر. هەرکەسەو خەریکی کاری خۆیەتی و نزیکترین ناسیاویشت ناتوانی ببینی... بە هەزاران کەس ئەبینی

و هیچیان ناناسی. یەکێك نییە سڵاوی لێ بکەیت و یان سڵاوت لێ بکات ! ئا لەو ساتە وەختانەدا وام هەست ئەکرد. من بزربووم و ڕێبوارێکی وێڵم و ئامانجێك نییە ڕووی تێ بکەم.) (بێکەس،٢٠٠٥، ٤١٤ )

سەرەتای ئەم ژیانی غوربەت و تاراوگەیە وەك بەنجی پێش نەشتەرگەری وایە خەوێکی خۆشە بێ ئەوەی هەست بە ئازارەکانی پرۆسەی سەرهەڵگرتن و کۆچەکەت بکەیت! سەیرە بۆ هەندێك کەس تا کۆتایی ژیانیان لە دوورەوڵاتیدا بژین، هەر بەلایانەوە خەونێکی خۆش و پڕ تاموچێژە!. هەردەم بادەی خۆشی دەنۆشن و مەستی و خەیاڵ بەریان نادات. هەرچی کەسانێکی دیکەش هەن وەك شێرکۆ بێکەس، هەموو دیمەنێکی ئەو ژیانە و جەستەی لە خەیاڵدا کۆدەکاتەوە، تووشی هەموو جۆرەکانی نامۆیی و دەردەدووری دەبێت، لە لایەك نەستەلۆژیای شوێن و جوگرافیا لەلایەك دووری لە کەس و دیار و نادیار... (من هەر خەیاڵم هەیە و بەڵام خەیاڵ جەستە نییە. غوربەت؛ دوورکەوتنەوەی جەستەیە لەو شوێن و کەسانەی تۆ خۆشت ئەوێن و بەڵام نایانگەیتێ "چل و حەوت" ساڵ بوو هەموو ڕۆژێ، هەموو سەعاتێ، هەموو دەقەیەك، خاك و خۆڵێکم بۆن ئەکرد، کە لە هیچ شوێنێکی تری ئەم دنیایەدا بۆنی ناکەم... هەموو ڕۆژێ سڵاوم لە هەزار درەختی خۆشەویست ئەکرد و ئەوانیش سڵاویان ئەکرد، بەڵام ئێستە درەختێك نییە بمناسێت. غەریبی ونبوونە و هیچی تر، من وەك شاعیرێك تەماشای غەریبی ئەکەم، نەك وەك باسکارێ بە مەنتیقی عەقڵی. من هەستم بیر ئەکاتەوە و ڕائەمێنێ و بڕیار ئەدات بەر لە عەقڵم!) (بێکەس، ٢٠٠٥، ٤٧٥)

با بزانین شێرکۆ بێکەس چۆن باسی چەمکی نیشتیمان دەکات لەلای ئەو نەوانەی لە تاراوگە لەدایك دەبن و گەورە دەبن، (نیشتیمان واتە ئەو شوێنەی کە منداڵیت و بیرەوەریت و خۆشەویستەکانت نەخشەی بۆ ئەکێشن ئەگەر ئەوانە

نەبوون. نیشتیمان ئەبێتە تارماییەك و هیچی تر، ئەو منداڵەی لە هەندەران لە دایك دەبێ و گەورەدەبێت لەگەڵ کلتووری تردا تێکەڵ ئەبێت هەرگیز ئەو شەوق و سۆز و حەز و بیرکردنەی بۆ نیشتیمانی دایك و باوك و باپیرانی نابێت) (بێکەس،٢٠٠٥، ٦٥٠) هەر لەسەر غوربەت دەڵێت: (ئەم غوربەتە بەدرێژایی وەخت لەگەڵتا ئەبێت و وەك سێبەرەکەت بەردەوام لە تەکتایە. هەتا لە تەمەنێکی هەڵکشاوتریشدا ئەم دابڕانە ڕوودەدات، بیرکردنەوەکە، یان سۆزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو چڕتر ئەبێتەوە.) (بێکەس، ٢٠٠٥، ٦٥١) بەو شێوەیە گێڕانەوە و تۆمارکردنی ژیاننامە و بیۆگرافیای شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە تاراوگە و وڵاتانی ئەوروپا بوو بە مێژوویەکی دیاری خودی شاعیر خۆی و هاوکات بەشێکی گرنگ و پرشنگداریشە لە ئەدەبی کوردی و شیعری هاوچەرخی کوردی لە تاراوگە.

**ئەنجام**

١. زۆر لە شاعیرانی کورد بە شێوەیەك لە شێوەکان باسیان لە کۆچ و بەجێهێشتنی وڵاتیان کردووە، لە هەندێك پارچە شیعری مەولانا خالیدی نەقشبەندی و نالی و سالم و کوردی و مەحوی و حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و...هتد دا ئەو بابەتە مێژووییانە بەدیدەکرێن.

٢. یەکەم کۆچی مەولانا بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایەی بەرز لە تەسەوف و ئیرشاددا بەتایبەتی ڕێبازی نەقشبەندی و شارەزایی لە تەریقەت و ڕێبازەکانی دیکەی تەسەوفی قادری و سوهرەوەردی و کوبرەوی و چەشتی بووە.

٣. ناووناوبانگی مەولانا خالید لەپاش گەڕانەوەی، جۆرێك لە وڵاتانی دووریشەوە زانایان و گەورە پیاوان دەهاتن بۆ زیارەت و بەهرەوەرگرتن لە دیداری. کە ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە بایسی ئێرەیی پێبردن و هەڵگیرسانی ئاگری حەسادەت و کەسانی دووزمان و فیتنەگێڕ دەکەونە نێوان ئەو و شیخانی سەر بە سۆفینیزمی قادری. ئەوەندەی تر ئەو ئاگری ناحەزیی خۆشدەکەن، مەولاناش لەبەر کوژاندنەوەی ئەم

ئاگرە و لە پێناوی برەودانی زیاتر بە پەیامەکەی دوای شەش ساڵ ئیرشاد لە سلێمانی ڕۆژی ٢٥ /١٠ / ١٨٢٠ ی زاینی ڕووەو بەغدا کۆچ دەکات.

٤. ئەو پارچە شیعرانەی نالی، لە وڵاتی عەرەبی سعودی و لە غوربەتدا نووسیویە، سەرتاپای شیعرەکە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن، کە نالی هەست و سۆزی دەروونی لە یاد و بیرکردنەوەدا بووە بۆ ماڵ و خانوو و داروبەردی شارەزوورەکەی، بۆ هەموو جۆرە شوێنێك، نالی لە ئاوارەییدا خۆی وەك نامۆیەك دەبینێتەوە و تووشی دەردی دووری و نەستالۆژیای شوێن و جێگای خۆی بووە، سۆزی خۆی بۆ گەڕانەوەی بۆ ژینگەکەی دەردەبڕێت.

٥. ئاسۆی بیری حاجی قادری کۆیی لەو کاتەدا فراوانتر بوو، کە وڵاتی خۆی بە جێهێشت و ڕووی کردە ئەستەموڵ. هۆی کۆچکردنی حاجی ئەوە بووە، بیروباوەڕە تەنویرییەکانی لەگەڵ چاکە و بەرژەوەندیی کاربەدەستانی مەڵبەندی خۆی ڕێك نەدەکەوت.

٦. حاجی قادر لە غوربەتدا، چ بە بیرکردنەوەی چ بەخەون و خەیاڵ، لە گەڕانەوەدایە بۆ هەموو بوونەکانی پێشووی، (حاجی قادر لە گەڕانەوەیدا بۆ ڕابردوو هەمیشە شوێنی خودی و تایبەت، بەسەردەکاتەوە و ناوی کەسان و ئەو جێگایانە دەهێنێت، کە بۆ ئەو پڕکەرەوەی ئەو بۆشاییانەن کە لە ژیانی غەریبیدا تێی کەوتووە).

٧. پیرەمێرد، هەرچەندە لە وڵات و زێدگەی خۆی دوورکەوتووەتەوە و لەزۆربەی ئەو شارانەی لە وڵاتی عوسمانی ژیاوە، وەك ئاوارە و کۆچبەرێك نەژیاوە! بگرە نەك هەر بەتەنیا وەك هاووڵاتیەکی ئەوێ، بەڵکو مافی خوێندن و پلەوپایەی دەسەڵاتداریشی هەبووە و لە ترۆپك و لووتکەی دەسەڵاتی دەوڵەت نزیك بووەتەوە.

٨. کەواتە دەبێت ئەو ڕاستییە بوترێت، کە فاکتەری کۆچەکەی پیرەمێرد، یان ڕاستتر بوترێت، حەزی ئارەزووە بۆ گواستنەوەی شوێنی ژیانی بووە.

٩. کۆچبەریی شێرکۆ بێکەس، دەکرێت بە گەشتنامە و کرانەوەی دەروازەیەکی بەختەوەری لەژیانی شاعیردا و لە گەشەی شیعری کوردیدا دابنرێت. گێڕانەوە و تۆمارکردنی ژیاننامە و بیۆگرافیای شێرکۆ بێکەس لە تاراوگە و وڵاتانی ئەورووپا، بوو بە

مێژوویەکی دیاری خودی شاعیر خۆی و هاوکات بەشێکی گرنگ و پرشنگداریشە لە ئەدەبی کوردی و شیعری هاوچەرخی کوردی لە تاراوگە.

**سەرچاوەکان:**


١- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
٢- بەرزنجی، صباح (٢٠٠٩)، مەکتووبات، وەرگێڕداوی نامە فارسییەکانی مەولانا خالید، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٣- حداد، عبدالله (٢٠٠٠) نالی لە دەرەوەی کوردستاندا (١٨٤٨-١٨٧٣)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٤- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.
٥- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.
٦- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.
٧- ڕیچ، کلۆدیۆس جیمس (٢٠٠٢)، محەمەد حەمەباقی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٨- سیوەیلی، ڕێبوار ( ٢٠١٥)، کتێبی نالی، چاپی دووەم، ناوەندی زەریاب، هەولێر.
٩- سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠١٦)، کتێبی حاجی قادری کۆیی، ناوەندی زەریاب، هەولێر.
١٠-محەمەد، مەحمود ئەحمەد ( ١٩٧٨)، پیرەمێرد، ڕۆحی مەولانا خالید.
١١-مدرس، مەلا عەبدولکەریم ( ١٩٧٦)، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
١٢-هاوار، محەممەد ڕەسول ( ٢٠٠٧)، دیوانی پیرەمێردی نەمر، چاپی یەکەم.
١٣-مەنمی ، دانا، کورد و جەنگ و نووسینەوەی بیرەوەری، Xendan.org .

## ملخص البحث

## الهجرة والمهجر في قصائد الشعراء الكورد

## مولانا خالد، نالي، حاجي قادر، پيره ميرد، شيركو بيكەس كنماذج

اتخذ نصوص مولانا خالد، نالي، حاجي قادر، پيره ميرد، شيركو بيكەس كنماذج . تتحدث هذه الدراسة عن هجرة الشعراء، من ثم تحلل بعض النصوص الشعرية كنماذج للشعراء الذين تحدثوا عن ظاهرة الهجرة. شعراء الكلاسيك سجلوا كثيرا من المواضيع المتنوعة. منها التأريخية و اللغوية و الدينية و الاجتماعية...إلخ. كما وتحدثوا عن البعاد والتنائي وألامراض النفسية التي يصاب بها الغرباء. كما وتطرق كل تلك المواضيع من قبل شعراء الكورد الكلاسيكيين والكتاب والشعراء المعاصرين ايضا. اتخذت هذه الدراسة المنهج الوصفي التحليلي لتحليل النصوص الشعرية. في الختام قدمت اهم نتائج الدراسة في عدد من النقاط، ثم عرضت المصادر التي اعتمدتها الدراسة تباعا.


الكلمات الدالة: التشرد، الهجرة والمهاجر، الغوربة، النستلوجيا ، الوطن.

# Abstract

## Migration and exile in the poems of Kurdish poets

**Mawlana Khalid, Nali, Haji Qadir, Piramerd, Sherko Bekas as examples**

This study discusses the migration of poets, and then analyzes some poetic texts as models of poets who talked about the phenomenon of migration. Classic poets have recorded a lot of diverse topics, including historical, linguistic, religious and social and so on. They also talked about the distance, the remoteness, and the mental illnesses that strangers have. All these topics were also addressed by classical Kurdish poets, writers and contemporary poets as well. This study took the descriptive analytical approach to the analysis of poetic texts. In conclusion, the most important results of the study were presented in a number of points, and then presented those sources used by the study respectively.


Key words: Hometown, nestology, Distance, Migration and Nomads ,homelessness